نوسینی هادی امین

خوێندکار له زانکۆی سلێمانی_ بەشی کۆمەڵناسی کۆلیجی زانسته مرۆڤایەتیەکان

hadisbox@yahoo.com

# پێشبینی دەکەم بەهۆی رەنگدانەوەیەکی درامای جومعە دیاردەی خۆ سووتاندنی ئافرەتان روو لە زیادبوون بکات و خۆسووتاندنی پیاوانیش زیاتر بێتە ئاراوە.

دراما کاتێک باس له کێشه کۆمەڵایەتیەکان بکات راستەوخۆ دەبێت بە جۆرێک له )توێژینەوەی کۆمەڵایەتی ، خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی ( که هەڵدەسێت بە دیاریکردن و دانانی رێگا چارە بۆ کێشە کۆمەڵایەتیەکان هەر بۆیە وا پێویست دەکات کە بنەماو قۆناغەکانی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی رەچاو بکرێت و پێویستە ئەو کەسانەی کە لە کاری هونەری و راگەیاندندا کاردەکەن شارەزاییان هەبێت لە بوارە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵناسیدا خۆ ئەگەر شارەزاش نەبێت ئەوا وا باشترە ئیستشارە بکات بە پسپۆرانی ئەم بوارە بۆ هەڵسەنگاندنی بابەتەکە لە پێش پەخش و بلاوکردنەوەدا ، بەڵام ئەگەر رەچاوی بنەماکانی کۆمەڵناسی و توێژینەوەی کۆمەڵایەتی نەکرا ئەوا لەباتی سوود زەرەری زیاتر دەبێت وە لەباتی ئەوەی کێشە چارەسەر بکات خۆی دەبێتە کێشە و رەنگدانەوەی خلراپ _ سلبی _ دروست دەکات کە مەبەست نەبووبێت ، چونکە هونەر و دراما بەبێ رەچاوکردنی زانستە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵناسی ) بەتایبەت دەروونزانی کۆمەڵایەتی ، زانستی تاوانی کۆمەڵایەتی (.. وەک ئەوە وایە کە تفەنگ بنێین بە تاریکییەوە کە رەنگە هاوڕێ و دراوسێکانمان بپێکێت ، هەرووەک دەوترێت قسە وەک گوولله وایە کە دەرچوو ناگەڕێتەوە قەوانەکەی خۆی ، رەنگدانەوەکانی درامایەکیش کە پەخشکرا تازە ناگەڕێنرێتەوە ، رەنگدانەوەکان بەشێوەی لاشعور و تلقائی و لاسایکردنەوە وەردەگیرین و کاری سلبی یان ئیجابی لێدەکەوێتەوە.

لێرەدا ئیدعای ئەوە ناکەم کە شارەزایەکی بواری کۆمەڵناسیم بەڵکو بە سوود وەرگرتن لەو زانیاریانەی لە مامۆستا بەرێزەکانم وەرم گرتوون و بەپشت بەستن بە هەندێ میتۆدو سەرچاوەی زانستی و لە سنوری خۆمدا وەک خوێندکارێک هەندێک سەرنج و تێبینی دەخەمەروو کە بریتی نیە لە هەموو بنەما و مەرجەکانی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی و ئەم سەرنجانەم بەگشتی بۆکارە هونەریەکانە ) فلیم، دراما، بڕگە کۆمییدیەکان (.... و هەوڵمداوە هەندێ لە سەرنجەکان ببەستمەوە بە درامای جومعەوە کە لە رەمەزانی ئەم ساڵدا پێشکەشکرا ، بۆ ئاسانی تێگەیشتن.

هیوادارم ئەم سەرنجانەم بەدڵێکی فراوانەوە وەربگیرێت ، مەبەستم زەرب هێنان نیە بەسەر بەرهەمەمێکدا چونکە هەموو بەرهەمێک لایەنی ئیجابی و سلبی هەیە بەڵکو سەرنجەکانم وەک بژارکردنێکە کاتێک جووتیارێک بۆ بەرهەمەکانی دەیکات هەتا گژوگیای زەرەرمەند بەسەر بەر هەمەکەدا زاڵنەبێت و لەناوی نەبات

.شیکردنەوەی هەندێک لایەنی دراماکە:

کێشەی) توێژینەوە یان دراما ( کە دەویستریێت باس بکرێت دەبێت روون وئاشکراو بەرجەستە بێت بە تەرکیزی بخرێت ڕوو و ، بەهۆی تێهەڵکێشانی دیاردەو کێشەی تر وون نەکرێت و ئاڵوز نەکرێت (1) تا بینەر بە ئاسانی کێشەکەو هۆکارەکانی دروستبوونی و ڕێگا چارەسەرەکەی ببینێت، بەڵام لەم درامایەدا بەهۆی ئاڵۆزیەوە کێشەی سەرەکی دیار نیەو ووونە ، نازانرێ مەبەست و کێشەی سەرەکی چیە ) ئایا مەبەست زوڵمی باوکە لە مناڵەکانی , خۆسووتاندنە ، خۆشەویستەیە ، دواکەوتوی گەنج و نزمی ئاستی رۆشنبیریە ، دیاردەی مەشروب خواردنەوەیە ،،، ( .

دیاردەو نمونەی وەرگیراو بۆ دراما یان توێژینەوە دەبێت باش لێکبدرێتەوە کە ئایا ئەو) دیاردە، دەور، حیوار، چەمکانە( ی کە باس دەکرێت تاچ رادەیەک دەلالەت و تەعبیر لە کۆمەڵگا دەکات کە دەبێت واقعیانەیە بێت واقیع وەک خۆی نیشانبدات نەک وەک ئەوەی نووسەر دەیەوێت کە ببێت و دوور بێت لە حەزوو ئارەزوو وویستەکانی نووسەر __ توێژەر __ و دووربێت لە ریکلامی بازرگانی بۆ بابەتێک و جوانکردنی لە بەردەم بینەردا و . ، هەروەها دەبێت دیاردەکەش دیاردەیەکی ناسراو واقعی و بلاو بێت نەک کێشەیەکی لاوەکی و تاکە کەسی بێت ، بۆ نمونە لەم درامایەدا ئایا زوڵمی باوکان لەو سەردەمەدا ئەوەندە بڵاوبوە یان گەنجان بەو جۆرەبوون لە رووی نزمی ئاستی رۆشنبیری و بڵاوی دیاردەی مەشرووبخواردن و یان دیاردەی خۆسوتانی پیاوان هەبووە ؟ چونکە ئەگەر بە باشی نمونەو دیاردەکە تەمسیلی کۆمەڵگا نەکات ئەوا بە لێکولینەوەیەکی تەواو دانانرێت و رەنگدانەوەو دەرئەنجامی باشی نابێت.

چوارچێوەی __ توێژیتەوە__ دراما ) سنوری زەمەنی و شوێنی و مرۆیی (گرنگن بۆ ئەوەی بینەر توشی ئاڵۆزی نەبێت ، چونکە بە گۆڕانی زەمەن و شوێن دیاردەکان و رووداوەکان دەگۆڕێت ، لەم درامایەدا زەمەن دیار نیە و تێکەڵوپێکەڵی هەیە لەنێوان قسەو بابەتەکاندا هەر یەکەیان تایبەتمەندی زەمەنێکی دیاری کراون وەک ) رۆژانەی دینارونیوی ، لاوازی ئاستی رۆشنبیری ، دۆلار ، کاشی ، تەکسی سەنی زەرد . (هەر لەبەر ئەو ئاڵۆزیە یەکێک لە هاورێکانم ووتی ئەم درامایە لەوەدەچێت مەبەست لەوەستا جومعە و حاجی سمایل دوو ئیدارەکەی کوردستان و مەبەست لە جومعەو سالح میللەت بێت ، ئەو لەو روانگەیەوە دەیووت کە جومعەی شاگرد نەزانانە و دڵسۆزانە

ڕەنجی دەداو وخزمەتی وەستا جومعەی دەکردوو دەیووت ئەوە بۆ ماوەی 15 ساڵە وەستا جومعە دەمخەڵەتێنێ ومێشکی پرکردووم و دەڵێت ژیانت بۆ باش دەکەم پارەکانی هەموو بۆ هەڵگرتووم ، بەڵام هیچ حساب و ڕێزێکیشی نەبوو لای وەستا جومعە مافەکانی پشت گویخرابوو.

ڕێبازێکی دراماکە بۆ باسکردنی بابەتەکانی ) مێژووی وەصفی ( بوو ، ئاشکراشە کە ڕێبازی مێژووی واتە دووربوون لە سەردەم و واقیعی ئەمڕۆ خۆ ئەگەر بەبێ شیکردنەوە و ڕخنە باسە مێژویەکە بخرێتەروو ئەوا دەبێت بە لاوازترین ڕێبازی نیشاندان _(2) تەنها لە کاتێکدا نەبێت کە مەبەست لە توێژینەوە یان دراماکە بۆ پاراستن وئەرشیف کردن بێت _ چونکە کارەکە تەنها دەبێتە کاری وێنەگرێك یان پەیامنێرێك کە هیچ باسێکی نیە لەسەر ڕووداوەکان و تەنها چاوی کامێرایە ، کە ئەوەش خۆی لە خۆیدا ڕاکردنە لە کێشەکانی واقعی ڕۆژانە . هەر بۆیە پێویستدەکات ڕێبازی ڕەخنەی بۆ گێرانەوەو وێنە _ وەصفە _مێژویاکان بکرێت چونکە سلبیات و ئیجابیاتی نقلێ کردووە کە هەندێکی پێدەچێت وانەبێت ، ڕێبازێك کە دیاردەکە بخاتەروو توێژینەوەو تەشخیصی بۆ بکات و پێشنیارو چارەسەری پێبێت و ڕەخنەئامێز بێت بەنیازی چارەسەرکردنی کێشەکان بە هێزترین ڕێبازە خستنە ڕووە

لەخستنەروەیەکیدا بەرجەستەکردنی مەشرووبخواردنەوە نیشاندانی بەوەی کە زەرەری نیە بگرە قازانجی هەیە و پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەهێز دەکات کە پلەیەکی زۆری پێدراوە لە خستنەڕوودا و، خستنەڕووی ئاین بەشێوەیەکی سلبی ، ئەمەش ناگونجێت لەگەڵ ڕاستی و یاسا کۆمەڵایەتیەکان دا کە بەهۆی چەندین توێژینەوەی زانستیانەو مەیدانی زۆربەی کۆمەڵگاکان پێی گەیشتوون کە لەم درامایەدا تەواو پێچەوانەیە ، لەو ڕاستیە کۆمەلایەتیە ) هەتا ئاین لە کۆمەڵگایەکدا بوونی هەبێت دیاردەی تاوان و لادان کەم دەبێتەوەو لایەنی زەبتی کۆمەڵایەتی و ڕێخستنی کۆمەڵایەتی زیاد دەکات ، هەروەها ڕاستیەکی تر مەشرووبخواردنەوە ، لێکترازانی خێزانەکان هۆکاری زۆری لادان و تاوانەکانە ( کە لە هەندێ درامای تریش دا پێچەوانەی ئەم ڕاستیانە نیشاندەدرێت کە ڕەنگدانەوەی سلبی لێدەکەوێتەوە لە پاشاندا باجەکەشی کۆمەڵگا دەیدات.

لە ماستەر نامەکەی مامۆستا ) جوان ئیحسان فوزی (بە ناونیشانی ) دور وسائل الضبط الاجتماعي و اثرها في الحد من الجريمة (توێژینەوەی کردەوە بە شێوەیەکی زانستی و پراکتیکی لەسەر زەبتی کۆمەلایەتی ) هۆکارەکانی ، تایبەتمەندیەکانی ، ئەرک و سنورەکانی ، پەیوەندی بە تاوانەوە ( کە پێکهاتەوە هەیکەلی کۆمەڵگای لەسەر ڕادەوەستێت و بە هۆیەوە تۆڕی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان لە نێوان دامەزراوە و سیستەمە جۆراو جۆرەکانی کۆمەڵایەتی ڕێك دەخات و کۆمەڵگا دەپارێزێت و و ڕۆڵ دەبینێت بۆ خۆگونجاندنی ئەندامان و کەمکردنەوەی تاوان ، توێژینەوەکە دەربارەی جۆرەکانی زەبت و ڕۆڵەکانیان لە کۆمەڵگادا وەك زەبتی ڕەسمی) یاسا ، ڕای گشتی ( و زەبتی نارەسمی وەك ) خێزان ، ئاین ، عورفە کۆمەڵایەتیبەکان ( کە لە توێژینەوەکەدا گەیشتوە بە 33

دەرئەنجامی زاستی و کۆمەڵێک پێشنیاری خستۆتە روو کە زۆر پێویستە گرنگی پێبدرێت و ، باس لە ڕەگەزی ئاین دەکات وەک هۆکارێکی نارەسمی زەبتی کۆمەڵایەتی کە پەیوەندی مرۆڤ بە خوداوە رێک دەخات بە باوەڕی تەوحیدو کردنی پەرستشەکان و ، پەیوەندی مرۆڤ و ئەندامانی تری کۆمەڵگا رێک دەخات بە هۆی ڕەوشتەوە(3).

دەبوایە لە رۆڵی یەکێکی تردا ئەوە نیشان بدرایە کە هەموو حاجیەکان ئاوا مامەڵیان نادرووست نیەو کەسانی تر هەن کە بە جوانی لە ئاین گەیشتوون و رەفتاری باش ئەنجام دەدەن ، بۆ ئەوەی بینەر تێبگات کە تێگەیشتنی خراپ لە ئاین رەفتاری ناشرین درووست دەکات ، ئەگینا خودی ئاین باشە بەڵام ئەوە مرۆڤەکانە بۆ سوودو بەرژەوەندی خۆیان ئاین بەکاردێنن.

هیچ ئامارو دەرئەنجامێک نیە ئەوە بسەلمێنێت کە مەشرووب کۆمەڵگا رێک دەخات و ئاین کۆمەڵگا دەشێوێنێت لە هەر کۆمەڵگایەکدا بێت . ئەگەر لە درامایەکیش دا مەشروب نیشانبدرێت دەبێت بە دیاردەیەکی سلبی بخرێتە روو تا کەسانێک بەرەنگدانەوەی دراماکەو لاسای کردنەوە توشی مەشروب خواردنەوە نەبن ، ئاشکرایە مەشروب خواردنەوە بە ناچاری و بەهۆی تەماحکاری و سوودی ماددی و تجاری لە کۆمەڵگادا جێیبوەتەوە بە دافعی ئارەزوەکان ، مەشروبخواردنەوە هۆکاری زۆرێک لە تاوان و لادانەکانە و دژایەتی هەیە لەگەڵ هەموو مەنتیق و پێوەرێکی ) رۆشنبیری ، تەندرووستی ، ئاینی ، ئابووری ،نەفسی ، ئەقڵی ،،،،، .(وەڵامدانەوەیەکی خراپی ئارەزووی مرۆڤە ، بەزۆری لەلایەن ئەو کەسانەوە دەخورێتەوە کە کێشەیان هەیە بۆ ئەوەی ماوەیەک دووربکەونەوە لە کێشەکانی واقیع بە هۆی تەخدیربوونی مێشکیان بەڵام پاش ماوەیەک کە خووی پێوەگرت دەبێتە دیاردەیەکی خراپ و بەردەوام لەگەڵ کەسەکەدا دەبێت و بە زەحمەت دەتوانێت وازی لێبهێنێت و هەر بەهۆیەوە تۆشی چەندین کێشەی نەفسی و ئابوری و تەندروستی و کۆمەڵایەتی دەبێتەوە ، ئەفلاتون دەڵێت نەفسی مرۆڤ سێبەشە) نەفسی عاقڵ ، نەفسی توره ، نەفسی ئارەزوو (ئەگەر نەفسی عاقڵ زاڵبوو بەسەر هەردوو نەفسەکەی تردا ئەوا مرۆڤ زانیاری دەست دەکەوێت و کاری باش ئەنجام دەدات و دەگات بە بەختەوەری و بە پێچەوانەشەوە ئەگەر نەفسی ئارەزوو یان توره زاڵبێت بەسەر نەفسی عافڵدا ئەوا مرۆڤ کاری هەڵە ئەنجام دەدات واتە بەختەوەوەری بۆ تاک و بۆ کۆمەڵگا بەندە بەوە وەڵامدانەوەکانی عەقڵ نەک وەڵامداانەوەی ئارەزوو . کارو ئامانجی زانستەکان و هەوڵەکانی مرۆڤیش دابینکردنی خۆشبەختیە بۆ مرۆڤایەتی و هەموویان هەوڵیان بۆکردنی کاری بەسوودە بۆمرۆڤ و زانینی کاری هەڵەو ناپەسەندەو خۆدوورخستنەوەیە لێی بەتایبەت زانستی رەوشت باش و خراپی رەفتارەکان دیاری دەکات.

لەساڵی 1930 یاسای قەدەغەکردنی عەرەق لە وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکادا دەرچوو لە پاش راپۆرتی بەشی تەندروستی کە بەرزیانکردبووە بۆ دەوڵەت کە عەرەق خواردنەوە هەرەشە لە دوارۆژی ئەمەریکا دەکات و ،

سەرەکیترین هۆی نەخۆشی و لەش دارزان و ، هۆکاری زۆربەی کارەسات وتاوان وخوێنڕشتن و تێکچونی خێزانەکانە .بۆ سەرخستنی بریارەکە هۆکاری راگەیاندن خرایەکار بۆئەوەش شەستوپێنج ملیون دولار سەرفکرا ، نۆ هەزار ملیون لاپەرە دەربارەی زیانی عەرەقخواردنەوە نوسرا ، دووسەد کەس لە سێدارە دراو نیوملیون کەس زیندانی کرا ، چوار ملیون دولار غەرامە سەندرا و نزیکەی هەزار ملیون دولار دەستی بەسەردا گیرا بەڵام دوای سێ ساڵ دەوڵەت بریارەکەی هەڵوەشاندەوە چونکە حەزێکی ناوخۆی نەبوو لەلایەن کەسەکانەوە بۆ دورکەتنەوە لە مەشروبخواردنەوە و تەنها زۆرکردن و وویستی دەسەڵات بوو بۆیە سەرکەوتوو نەبوو (4).

خستنەڕوویەکی تر لە دراماکەدا نیشاندان ئەکتەرەکان لەحەمام و کاتی کە لاشەیان دیاربێت کە ئەوە مانای پێشکەوتن و گۆران ناگەیەنێت، گۆران وپێشکەوتن ئەوەیە بۆچونێکی ئیجابی یان چارەسەرێک فێری خەڵک بکرێت کە لە ژیانی رۆژانەدا سودی لێوەرگرێت . وەک یەکێک لە فیکرە ئیجابیەکان کە داوا دەکات خەڵک دەبێت بچن بە دەم کێشەی یەکتر و هاوکاری یەکتر بکەن و هاوڕییەتی کەسانی خراپ نەکەن ، هەروەک لە هاوکاریەکانی عمر فلاش بۆ گرتنی وێنەی ئەو سەیارەیەی کە لە مناڵەکەی دا ، وازهێنانی سەرکەتی حاجی برایم لە هاورێ خراپەکانی ، بەڵام سەیر لە رۆڵی مامۆستا مەهدیدایە کە رۆڵی کەسێکی رۆشنبیر دەبینێت کەچی بە عومەر دەڵیت ) رۆڵە تۆ هەقی ئەو گێرە وکێشەیەت چیبوو بۆ وێنەت گرت ئەها چیان لێکردوویت (! لەوەش سەیرتر لە رۆڵی مامۆستا مەهدیدا ئەوەیە کە کاتێک مەلا نەجمەدین پێی دەڵێت ئەوە حەرامە ، بەپێچەوانەی مەنتیقی فێرکارەوە مامۆستا مەهدی دەڵێت) جا چ پێویست دەکات کە خەڵک فێرمان بکات ئەوە حەرامەو ئەوە حەلالە . (کە ئەوەش ناگونجێت بەتایبەت لەگەڵ رۆڵ و بیرکردنەوەی مامۆستادا کە بەردەوام کاری فێرکردنەو رێنیشاندەرە بۆ چاکە.

خستنەڕوویەکی تر : شکاندنی رەمزێک یان دەربڕینێکی زمانی وەک ) وایە وایە راستەکەی ( کە هیچ پێویست ناکات ئەو ووتەیە لە ووتەیەکی ئاساییەوە بکرێتە ووشەیەکی گاڵتەجاری ، زۆر ئاساییە کە هەرکەسە و هەر ناوچەیەک جۆرێک لە دەربڕین و زاراوە بەکاربهێنێت دەبێت رێزی لێبگیرێت نەک گاڵتەی پێبکرێت و بشکێنرێت کە بەداخەوە زۆر لە بەر هەمە کووردیەکان بابەتێکیان بریتیە لە شکاندنی رەمزێک یان دەربڕینێک . کە دەتوانرێت هونەر بکرێت و ئەو لایەنەی تێدا نەبێت چونکە رەنگدانەوەی سلبی لێدەکەوێتەوە کە ئەو دەربڕینە زۆر کەس بەکاری دێنێت بۆ گاڵتەکردن بەتایبەت لەناو منداڵ و خوێندکاردا مامۆستاکان بەوە بێزار دەکەن و دەبێتە هۆی تێکدانی پەیوەندی و کەمڕێزی لە کۆمەڵگادا ، ئەمەش داهێنانێکی خراپە ئەگەر ئەم ووتەیە لەمەوپێش هەبووبێت بەم شێوە بەربڵاوەی ئێستا نەبووە و رەمزی گاڵتەجاری نەبووە بەڵکو لە ناو خەڵکیدا بەئاسایی ووتراووە سەیرکراوە.

خستنە روویەکی خراپی تری بەرهەمە هونەریەکان بەگشتی : داهێنان و داتاشین و بلاْوکردنەوەو دەوڵەمەنکردنی فەرهەنگی ناووناتۆرەو جنێو و ووتەی ناشرین ، وەك ناوبردنی کچ بە )بەرمیلە بارووت( کە رەنگدانەوەی و تێڕوانینی سلبی لێدەکەوێتەوە بەرامبەر بە کچ لە کۆمەڵگادا ، هاوڕیەکم ووتی نەك بەرمیلە بارەووت نین بگرە بەر میلە ئاڵتوونن نەدەبوو ئەو ووتەیەی تێدا بوایە چونکە بنەمای کۆمەڵگان ، ئاشکرایە ووشەی جوان وناسك هۆش و هەست و پەیوەندیەکان دەگەشێنێتەوە ووشەی ناشرین و بریندارکەر هیچ سوودێك بە کۆمەڵگا ناگەیەنێت بگرە پەیوەندیەکان دەشێوێنن و دەبنە هۆکاری کێشە ، بەهیچ جۆرێك هونەر بریتی نیە لەداتاشینی ووتەی ناشرین بەڵکو ووتەو کرداری جوانە کە بەداخەوە زۆرێك لە فلیم وسیدیە بازاریەکان و بەرنامەی بەرنامەش رۆڵێکی زۆر دەبینن لەم بوارەدا.

رەنگدانەوەیەکی نەگەتیفانەی تری پەخشکردنی بۆچونی خراپە و تەسلیم بوون بە واقیعی نەخوازراوو ، کە لە حیوارێکی جومعەی شاگردو صالح دا لە وەڵامی پرسیاری جومعە )ئێمە هەتا کەی ژیانمان وەها بێت ؟ (صالح دەڵێت )پرسیار لە خوا بکە هەتاکەی جومعەو صالح وا بژین ، چاوی لە ئێمە نەماوەو پشتی کردوّتە ئێمە ( گرفتەکە لەوەدانیە کە سالح وا دەڵێت لەوەدایە کە هیچ رەخنەیەك لەم بۆچونە نەگەتیفە نەگیراو راست نەکرایەوە تابینەران تێبگەن ، بۆچونی نەگەتیغانە کارێکی خراپ دەکات ئەگەر لای کەسێك وەرگیرا ئیتر توانای گۆران وبەرەو پێشچونی نامێنێت و لە هەوڵدان دەکەوێت .(5) رەخنەگرتن لە غەیب __ کە نەزانراوە __ بریتیە لە بەشێك لە فێڵە بەرگریەکان کە لە دەروونناسیدا باسی لێوە دەکرێت : واتە کەسێك کەمتەرخەمی و شکستەکانی خۆی دەخاتە ئەستۆی یەکێکی تر . ئەوەش بۆچونێکە تەواو پێچەوانەی عەقل و دینە ، هەروەك دەوترێت ) بژی بۆ دوارۆژ وابزانە بەیانی دەمریت و بژی بۆ دنیا وابزانە کە قەت نامریت .( خودا بۆ کەسی نەبریوەتەوە کە هەر بەشاگردی بژی زۆر کەس هەیە لە جیهاندا کە بە هۆی هەول ٚو تێکۆشانەوە لە شاگردیەوە یان لە کارگووزاریەو بووە بە کەسێکی سەر کەووتوو چەندین پلەی کۆمەڵایەتی بەرزی بڕیوەو ، تەنانەت هەبووە بووەتە سەرۆکی کۆمپانیا و سەرۆگی وولاتێك ئەوەش بەئیرادەوە و هەوڵدان ، هەوڵدانیش لە بەردەم کەسدا دانەخراوەو هەروەك دەوترێت ) خوداوەند دانەوێڵەی بۆ هەموو باڵندەیەك داناوە بەڵام نایخاتە هێلانەکەیەوە ( دەبێت هەوڵی بۆ بدات . دەبوایە رۆڵێکی کەسێکی تر هەبووایە لە دراماکەدا نمونەی هەوڵدان وسەرکەوتن بوایە لە شاگردیەوە بگەیشتایە بە پلەیەکی بەرزتر یان هیچ نەبێت نەقدی ئەو بۆچونە نەگەتیفە بکرایە لەلایەن مامۆستا مەهدیەوە لە حیوارێکی تردا ، هەتا بینەر تێبگات کە سەرکەوتن لە ژیاندا بەندە لەسەر ئیرادەو هەوڵدان نەك لۆمەکردنی غەیب و تەسلیم بوون بە بۆچونێکی خراپی ناواقعی نەزانراوە ، چونکە تەسلیمبوون بە واقیعی نەخوازراو لای دین و عەقڵ قبوڵکراو نیەو هەردووکیان هانی گۆران و باشکردنی ژیان و واقیعی نەخوازراو دەدەن بەڵام بە شێوەیەکی گونجاو کە خراپەی بۆ کەسانی تر نەبێت.

خستنەرووپەکیتر نیشاندان و پێکەوەبەستنی نەفامی گێلی بە کەمئەندامیەوە وەک لە رۆڵی جومعەی شاگرددا دیارە ، بۆچی دەبێت ناتەواوی زمان و دەربڕین پەیوەست بکرێت بە نەفامی و گێلیوە کە لە زۆر بەرهەمی تریشدا ئەوە دوپات دەکرێتەوە کە ئەوەش رەنگدانەوەی سلبی درووست دەکات لەسەر ژیانی ئەو کەسانەی کە لە کۆمەڵگادا گرفتی بایلوجی و کەمئەندامیان هەیە و تێروانینی کۆمەڵگا بەرامبەریان دەگۆڕێت بەهۆی رەنگدانەوەی دراماکە ، کە لە راستیشدا کەمئەندامی و نەفامی و گیلی پێکەوە گرێنەدراوە بەڵگەش ئەوەیە کە چەندین زاناو بلیمەتی جیهان ناتەواوییان هەبووە لە رووی بایلوجیەوەو سەرکەوتووش بوون لە ژیاندا.

(دانانی چارەسەری گونجا و مەنتیقی گرنگترین ئامانج و مەبەستە لە ) دراما و توێژینەوەدا ( و نابێت بەجێبهێڵرێت بۆ بینەر چونکە بینەران هەموویان لە یەک ئاستی تێگەیشتندا نین و کێشە حالەتی نەفسیان جۆراوجۆرو جیاوازە ئەوانەی ) کە لە ئاستێکی تێگەیشتن و رۆشنبیری باشدانین یان ئەوانەی لەکێشەدان و لایەنی نەفسیان ئاڵۆزەیان ئەوانەی توانای لێکدانەوە و شیکردنەوەیان نیە ( سەریان لێ دەشێویت و رەنگدانەوەی خراپ درووست دەکات لەسەریان ، وەک ئیسفەنج شتەکان وەردەگرن و کاریگەر دەبن ، رەنگە کەسەکە رەنگدانەوەی دراماکە بەپەسەند هەڵبسەنگێنێت و لەکاتی کێشەدا ئەنجامی بدات ، چونکە دراماکە هەر خۆکوژی دیاری کرد بە چارەسەر لە بەردەم ئەو کەسەدا کە لەو کێشەیەدا بوو ، جگە لەوەش ئەو حیوارەی کۆتای دراماکە کە منالان دەیانووت ) جومعەو سەمیرە خۆیان سووتان (بەو شێوەیەو بەو دەنگە بەرزە دەرئەنجامێکی خۆش دەداتە دەست ئەوانەی کە کێشەیان هەیە و دەیانەوێ خۆیان بکوژن چونکە خۆی تێدا دەبینێتەوە و چێژی لێوەردەگرێت __ هەندێک خۆی دەسووتێنێت بەس بۆ ئەوەی باسبکرێت وخەڵک کێشەکەی ببیستێت __ بێگومان تەقلیدیش زۆر دەوری هەیە لەژیاندا پۆ کردنی کاری چاکە یان کاری تاوان ، تەنانەت لەناو رۆشنبیرانیش دا کاریگەری هەیە بۆ نمونە نیشاندانی دراماو تایبەتکردنی بە مانگی رەمەزانەوە خۆی لە خۆیدا تەقلیدی ئەزموونی کەسان و وولاتانی ترە.

دەبوو لە دراماکەدا جومعەو سەمیرە نەمردنایە بینەر ئەوانی بدیایە نەخۆشخانەوە بە دەست ئێش و ئازاری خۆسوتاندنەوەکەیان بیاننالاندایە و هەڵوێستی پەشیمانیان دەربببریایە و، سێ مەلا و دوو مامۆستاکەش ئیدانەی ئەو هەوڵە خۆ کوژیەیان بکردایە .زۆر زەرورە کە ئەلقەیەکی تر دابەزێت هەر لەم درامایەدا ئەوە روونبکاتەوە، ئەگەر ئەڵقەیەکی تر بکرێت بەم جۆرە ئەوا سوودی دەبێت بۆ ئەو کەسانەی کە لە کێشەدان ، چونکە خۆسووتاندنی لەلا قێزەون دەبێت و بە چارەسەری دانانێت و ئەنجامی ترسناکی خۆسوتان دەبینێت لەرێگای دراماکەوە.

کاتێک کۆمپانیایەکی دەرمانسازی دەرمانێک بەرهەم دێنێت ئەوا چەندین جار هەڵسەنگاندنی بۆ دەکەن تا موزاعەفات و لایەنە سلبیەکانی کەم بکەنەوە ، هەر بەو شێوەیەش پێویستە بۆ بەرهەمهێنانی هونەری

هەڵسەنگاندنی پێشینە بکرێت ، ئەگەر دەقی درامای جومعە لەلایەن پسپۆرانی بواری کۆمەڵناسی هەڵسەنگاندنی بۆ بکرایە ئەوا بەڕاو سەرنجەکانیان دراماکەیان دەوڵەمەند دەکردوو لاینە سلبیەکانیان چارەسەر دەکرد و بەم شێوەیە دەرنەدەچوو __ کە ئێستا بە زەرورەت پێویستمان بەسەدان ووتاری رۆشنبیران و زانایانی ئاینی و کۆرو سیمنار هەیە هەتا ئەو ڕەنگدانەوە خراپانەی ئەم درامایە راست بکەنەوەو ، بەتایبەت رونیبکەنەوە بۆ ژنان کە لە کاتی کێشەدا تەنها چارەسەر خۆسوتان نیە ، وە ئەم درامایە ئەو هەوڵانەی هەموو لەباربرد کە دەکرا بۆ قێزەونکردنی دیاردەی خۆسوتان و رێسەکە سەر لەنوێ بووەوە بە خوری ، و لە پاش ماوەیەکی تر ئەگەر دیراسەیکی مەیدانی بکرێت بۆ رەنگدانەوە سلبیەکانی لەکۆمەڵگادا ئەوا ئاستی سلبیتەکانی لەزۆر بواردا دەبینرێت .

**پەراوێزو سەرچاوەکان:**


_1طرق البحث الاجتماعي . دكتور احسان محمد الحسين وزارة التعليم العالي في العراق المكتبة الوطنية 1982لاپەرە59 _55

_2هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەرە120 _ 115

_3دور وسائل الضبط الاجتماعي و اثرها في الحد من الجريمة . دراسة ميدانية في دائيرة الاصلاح الاجتماعي في السليمانية جوان احسان فوزي كلية الاداب جامعة الصلاح دين 2000 لاپەرە 48

_4چۆنیەتی هەڵسەکەوتکردن لەگەڵ خەڵك .نوسینی دیل کارنجی ، وەرگێران ولەسەر نوسینی عومەر توفیق چاپی یەکەم ساڵی نوسینگەی شارستان 1999 لاپەرە40

_5کتێبی کورترین رێگای سەرکەوتن رۆبەرت نورلی وەرگێڕانی سالار عەبدولرەحمان سالح .چاپخانەی روون سلێمانی 2004 لاپەرە45_43